سودانی: حکومەت هەوڵی پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری دەدات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئینجوومەنی باڵای دادوەری جێختیکردەوە حکومەت هەوڵی پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری دەدات.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە لەگەڵ سەرۆکی ئینجومەنی باڵای دادوەری بەڕێز فایق زەیدان کۆبووەوە.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی گشتی وڵات تاوتوێ کرا، هەروەها پێداچوونەوە بە ئامادەکاری و ڕێکخستنە بەردەوامەکان کرا بە 34"ـەمین لووتکەی عەرەبی کە ڕۆژی شەممەی داهاتوو بەغدادی پایتەخت میوانداری دەکات لەگەڵ لووتکە هاوشێوەکان و ئەو هەنگاوە گرنگانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن و جێخت لێوە دەکاتەوە کە عێراق ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە ناوچەکە و پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەهێز دەکات.

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەکرد، کە حکومەت هەوڵی پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان

دەستەاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری دەدات، بە چەسپاندنی سەروەری یاسا و دەستبەرکردنی بەرزترین ئاستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەرنامەی گەشەپێدان و ئابووری و خزمەتگوزاری، بە بەدیهێنانی خواستەکانی هاووەاتیانی عێراقی لە سەرانسەری وەاتدا.